# له یادی ١٦ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن دا

بێگومان کەم نەورۆز هەیە گەلی کورد تاڵی و ڕۆژ رەشی نەدیبێ جا لە سێدارەدانی سەرۆک کۆمارە و هێرشی حکومەتە داگیرکەرەکان بۆ سەر گوند و شارەکانی کوردستانەوە، ئەنفال و کیمیاباران، ئاوارەیی و دەربەدەرییەوە بگرە تاکوو کوژانەوەی ئەستێرەی ئاسمانی ئەدەب و وێژەی کورد. یەکێک لەم کەسانە کە لە مانگی خاکەلێوەدا کۆچی دوایی کردووە (٢٩ی خاکەلێوە)، مامۆستا هێمن موکریانی یە.

ئەوەی کە فڕی بە ئەدەب و هونەرەوە هەبێ، نابی ناوی هێمنی نەبیستبێ، ئیتر من هەرچی لەسەر بڵێم، غەدرم کردووە چوونکوو نە من بەو شێوە هێمن دەناسم و نە قەڵەمی کولیشم دەتوانێ وەسفی شاکارەکانی ئەو بکا، هەر بۆیە راستەوراست دەڕۆمە سەر ژیاننامەکەی.

مامۆستا هێمن بۆ خۆی لە "لە کوێوە بۆ کوێ؟"ی کتێبی "تاریک و روون"دا دەڵێ: "خوێنەری خۆشەوست! پێت وا نەبێ لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵداوەتەوە و لە بنی کوولەکەم داوە و هەرچی هەیە نووسیوومە. نا هەروا کورتە سەرگوزشتەکەمت بۆ دەگێڕمەوە.

شاعیری هیچ قازنجی بۆ من نەبووبێ ئەو قازنجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوور و درێژەی "سەید موحەمەدئەمین شێخەلیسلامی موکری" لە کۆڵ کردوومەتەوە. باوکم ناوی سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موکری بوو، لە تۆرەی مەلا جامی چۆڕی بوو کە سێ سەد ساڵ لەوەی پێش هاتۆتە سابلاخ و بنەماڵێکی گەورەی لەو مەڵبەندە پێک هێناوە. دایکم ناوی زێنەب و کچی شێخی بورهان بوو کە ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن. بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١ز.) بە شەوی جێژنی بەراتێ لە گوندی "لاچین" نیزیکی سابلاخ لەدایک بووم. مێژوکم لە مەمکی دایکم نەکردووە و فرچکم بە شیری دایەن گرتووە.

دایکم زۆر جاران بە چاو دادەدامەوە و دەیگوت: تۆ پێوقەدەم رەش بووی، هەر تۆم وەزگ کەوت لەشی ساخم بەخۆمەوە نەدی. نەخۆشیم پێوە نووسا،

کوێرەوەری و پەژارە رووی تێ کردم. لە سەر مانگ و رۆژی خـۆم بـووم کـە نـاچـار بووین بڕەوین و بچینە لادێ. کە بەربویەوە، نە من تلێپاتی تەڕم لەمەمکی دابوو، نە باوکت سیپاڵێکی لەماڵێ دا مابوو. لەشکری شـکاک ئێمەشـی وەک هـەموو خـەڵکی سابلاغ ساف لە ساف تالان کرد و گەسکی لەو ناوەماڵەدا کە سـێ سـەد سـاڵ بـوو وەسەریەک نرابوو و بە میرات بۆ باوکت بە جێ مابوو.

ئیتر مامۆستا هێمن بەم شـێوە درێـژە بـە نووسـینی بەسـەرهاتی خـۆی دەدا و ٤٢ لاپەڕە دەنووسـێ کـە بـە بـڕوای مـن هـەر وەک لـەم کورتـە هـەڵبژاردەی سـەرەوە دەردەکەوێ، بێجگە لەوەی ئـەم ٤٣ لاپـەڕە بـاس و بەسـەرهاتی هۆنـەری گەورەی کورد "هێمن"ە، لە راستیدا مێژووی ئەو سـەردەمەی نـاوچەکـەش بـەجوانی دێنێتـە سەر کاغەز.

بەڵام ئەوەی کە نابێ لە بیر بچێ، ئەمەیە کە لـە هـەمان کتێـب "تـاریک و روون"دا، پێش پێشەکی کتێبەکە، رێبەری شەهید نەمر دوکتۆر عـەبدولڕەحمان قـاسملوو بـە شـێوەیەکی ئـەدەبی جـوان لـە ژێـر نـاوی "شـاعیری گەل" دا مامۆسـتا هێمـن و هەڵبەسـتەکانی لـە درێژایـی مێـژووی تەمـەنی شـاعیرەدا (دیـارە تـا لـە چـاپـدانی کتێبەکە) بە جـوانی هەڵسـەنگاندووە و کەسـایەتی هێمـنی گەیاندووەتـە بـەرزترین لوتکەی شیاو.

لە بەشێک لە نووسینەکەیدا شەهید دوکتۆر قاسملوو دەڵێ: "هێمـن عاشـقی کێـو و تەلان و بەندەن و بەردی کوردستانە، نیشتمانی، تەبیعەتی وڵاتەکەی باش دەناسێ و لەگەڵی پەروەردە بووە. لە "بەهاری لادێ"، "بەهاری کوردستان"، "شەنگەبێری"، "فریشتەی پەڕیوە" و زۆر شیعری تریش دا نیشان دەدا کـە لـە ناسـین و ناسـاندنی تەبیعـەتی کوردسـتان و جوانیـەکانی دا چـەندە شـارەزا و مامۆسـتایە. جێـگای سەرسووڕمانیش نیە، هێمن لـەگەڵ تەبیعـەت گەورە بـووە و لـە تەبیعـەت ئیلـهامی وەرگرتـووە. کەسێک تەبیعـەتی کوردسـتانی دیبـێ و نـەک هـەر دیتبێـتی بـەڵکوو لەگەڵی تێکەڵاو بووبێ، هێمن بەناهەق نازانێ کە دەڵێ: "بەهەشتە کـوردەواری مـن بەهەشتە". هێمن لە شیعری خۆیدا زۆر جار باسی زۆرلێکراوی نەتەوەی کورد دەکا،

له ماف خوراوی گەل دیفاع دەکا، ئارەزووی ئەوەیە کورد هەرچی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی رزگاری ببێ، بوونی ئەو ستەمە بەسەرچاوەی زۆر بەدبەختی و کوێرەوەری و بێ بەشی دەزانێ. لە "دوارۆژی رووناک"دا دەڵێ:

له مێژبوو هەققی کورد دەخورا بەفیـڕۆ
له مێژبوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
لــــــــــەمەیدانی شەقێنی دوژمنی دا
سەری سەرداری کورد بوو وەکوو گــــۆ

... هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ، لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرستێ. بەڵام ڕەقیشی لە هیچ نەتەوەیەکی تر نیە. لە هەموو دیوانی هێمن دا شعرێک کە باسی نەتەوەیەکی تر بە خراپە بکا، یا کورد لە نەتەوەیەکی تر بە بەرزتر دابنێ بەدی ناکرێ، دیاردەیەک کە بەداخەوە لە دیوانی زۆر شاعیری کورددا بەرچاو دەکەوێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بەشەردۆستی یەکێک لە سروشتە تایبەتیەکانی شیعری هێمنە.

هێمن زۆر جار باسی پێشەوا قازی دەکا، لە شیعرەکانی ڕا دیارە کە چەند ئەو رۆڵە بەنرخ و هەڵکەوتووەی گەلی کوردی خۆش ویستووە. پێشەوای خۆش دەوێ چونکە:

زانابوو، کوردپەروەر بوو پێشەوا بوو، رابەر بوو

بەڵام بۆیەش پێشەوا بە مەزن دەزانێ چونکە:

هەر کورد نەبوو بەشەر بوو خەمی خەڵکی لەبەر بوو

... لە "ئارەق و تین" دا زۆر بە جوانی و بە زمانی سادەی جووتیاران باسی نرخی کاری جووتیار بۆ کۆمەڵ دەکا و چەوسانەوەی جووتیار نیشان دەدا و دەری دەبڕێ کە ئینسانی زەحمەتکێش لەلای زۆر خۆشەویستە:

من جووتیارم، من جووتیارم من لەگەڵ هەتاو هاوکــارم
من بە ئارەق ئەو بە تــــین دامان رشتوە بناخەی ژین

باسکی من و تیشکی ئـــەوی     بژیو دەسێنن لـــــە زەوی
گەر جووتیار تارەق نەڕێژێ     گەر هەتاو تیک ناوێـــــژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا     دەخۆن نانی گەڵا گـــــەڵا؟

لـە شـیعرەکانی ڕا دەردەکـەوێ کـە هێمـن لـە ژیـانی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان بەتایبەتی جووتیاران لە نزیکەوە شارەزایە. لەوەش زیـاتر خـۆی تـا رادەیـەک لـەم ژیانەدا بەشدارە. خۆی دەڵێ: "چاک خەرکی کاسبی بووم و زوو فێری کشت و کـاڵ بووم".

فەلسەفەی ژیانی هێمن ئەوە نیە کە دانیشێ و لە دوورەوە تماشای ژیان و خـەباتی گەل بکا و بۆ خۆی و یان بۆ گەل شیعر بڵێ. هێمن ئەو ئەسڵەی قبووڵ کـردوە کـە ئەرکی شاعیری گەلێکی زۆر لێکراو تەنیا لێکدانەوە و خستنەناو هۆنراوەی تەبیعەت و جوانی نیە. شاعیر لـە پێـش دا ئینسـانە، ئینسـانێکیە کـە هەسـتی ناسـکە و زوو دەجووڵێتەوە. چۆن شاعیر، بە مانای راسـتی ئـەم وشـەیە، دەتوانـێ بەرامبـەر بـە هەژاری و کوێرەوەری و بێ بەشی گەلەکەی بێ لایەن بێ؟ لە نێوان راستی و درۆدا، لە نێوان ئاهورموزدا و ئەهریمەن دا، لە نێوان هـەق و ناهـەق دا راسـتی هـەڵبژێرێ، بەگژ ئەهریمەندا نەچێ و دیفاع لە هەق نەکا؟ بۆیە هێمن تماشـاچی نیـە و نـاتوانێ تەماشاچی بمێنێتەوە. بەهەموو هێزی خۆیەوە، بـە شـیعری و بەنووسـین هـەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات و تاســەر بـەرەو ئاسـۆی روون، تـاترۆپکـی رزگار بـوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا. هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە."

مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم لە پێشەکەی "ناڵەی جوادیی" دا دەڵـێ: "بـەر لـە هەرچی، حەز ئەکەم ئەوەی چەند جار بە هێمن خۆیم وتووە بە ئێوەشی بڵێم: لەناو ئەوانەدا کە پەخشانیش و شیعریش ئەنووسن و مـن هـەردوو جـۆرە بەرهەمەکـەیانم خوێندووەتەوە، لە عەرەبدا نەزار قەببانی و لە کورددا هێمـن، مـن پەخشـانیانم لـە شێعریان لا دڵگیرترە. ئاواتم ئەوەبوو کاری سەرەکیی هێمن پەخشان نووسین بوایە لـە جیـاتیی شـیعروتن. رەنـگ بـێ هێمـن خـۆی هێشـتا بایـەخی پەخشـانی خـۆی بەتەواوی نەزانێ... ئەگەر وایـە دەسـا بـا بـە چـاوی مشـتەری پێشـەکیی "تـاریک و

روون"ەکەی خۆی، پێشەکی یەکەی بۆ "تحفە مزەفەریە"، سەرەتاکەی بۆ "قەڵای دمدم"ەکەی عەرەب شەمۆ کە مەلا شوکر هێناویەتە سەر دیالێکتی لای خۆمان، بخوێنێتەوە."

لێرەدا شتێک ماوە کە من دەمهەوێ باسی بکەم ئەوەیش ئەوەیە کە بە بڕوای من کەسایەتی مامۆستا هێمن جیاواز لە خەڵکی دیکە، و لە دوو کەسایەتی جیاواز پێک هاتووە، یەکەمیان کەسایەتی هۆنەرایەتی و ئەدەبیەکەیەتی و دووهەمیان کەسایەتی سیاسیی ئەوە، لە یەکەمیان دا هێندێک وردە هەڵبەست لە هەڵبەستەکانیدا دەبنرێ کە جێگای رەخنەن و نەدەبوو هۆنەرێکی ناوداری گەل کە خۆی بە خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کورد دەزانێ ئەم هەڵبەستانەی هۆنیبایەوە، هەرچەندە ئەمانەش ئەوەندە کەمن لە تۆتۆی هەڵبەست و پەخشانەکانی هێمن دا ون کراون و کەسیش وەبەرچاویان ناگرێ. لە کەسایەتی دووهەمیش دا، پێشتر رەخنە لە مامۆستا هێمن گیراوە و هەر ئەم رەخنەیەش بووتە هۆی ئەوە کە کەسانێکی هەلپەرست لێرە و لەوێ بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات پەیدا دەبن و وادەزانن کە هێندێک ڕێکخراوی کوردی دژی هێمنی شاعیرن، بەڵام ئەو کەسانەش دەبێ باش بزانن کە ئەم ئیدەعایەیان هێندە جێگای باوەڕ نیە و ئەو قسانەی شەهید دوکتۆر قاسملووش کە لە پێشەکی ئەم باسەدا هاتوون باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی قسەکانم.

بۆت نووسیم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟
دوندی قەندیل و گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزایی دەچم گەرچی وردم
خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم

بە خۆشیەوە ئەم ساڵانەی دوایەش بە هەوڵ و زەحمەتی چەند ئەدەب دۆست زۆرێک لە هەڵبەستەکانی مامۆستا هێمن نووسراوەنەتەوە و لە سەر تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی رازاوە لە ماڵپەڕە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاو دەکەون،

هەرچەند ڕەنگە ئەم کارە بێتە هۆی ئەوە کە کڕیاری کتێبەکان کەم ببنــەوە، بـەڵام ئەمە لە خۆیدا کارێکی پیرۆزە و هیوادارم ئەم کەسانە نموونەیان زۆربێ.

یادی مامۆستا هێمن و گشت ئەدیبانی وڵاتەکەمان بە خێر بێ و رەوانیان شاد بێ.

حامید درودی

٢٠٠٢/٤/١٦

سەرچاوەکان:

تاریک و روون وناڵەی جودایی.